# کۆچی دوایی (رۆزا پارک*) ی کچە رەشپێستی یاخیی رەوا ... جەمیل شوانی



لە رۆژێکی گەڕانەوەتدا لە کار زۆر شەکەت و ماندوو، ماندویی لە رەفتاری سپیپێستەکان دژ بە ئێوەی رەشپێست. من دەزانم تۆ مرۆڤێکی ئەوەندەکارامەی کە رۆژگاری دوورودرێژی کارکردنت تۆی بێزار نەدەکرد. بەڵام ئەو رۆژە کە بەرواری (1955/12/1) بوو، گروگڵپەی پەنگخواردووت لە ناختا سەری هەڵدا، کاتێ رۆنیشتبووی لەناو پاسێکدا هەڵنەستایتەوە لە بەرسپیپێستێکی ملهوڕ، جێگەی خۆت نەدا پێی وەك ئەوانی تر، تۆ جیاواز بوویت، تۆ یاخی بوویت.

من دەزانم تۆ ئەوەندە میهرەبانی کە تۆ بۆ منداڵێك یان پیرەژنێك یان پیرەمێردێك لەناو پاسدا بۆیان هەڵسیتەوە و شوێنی خۆتیان بدەیتێ. بەڵام بۆ ئەو سپیپێستە گووتت (نا) ، چونکە بە نارەوات زانی.

بۆیە ئەورۆژە راپێچیان کردی بۆ وێستگەی پۆلیس و بۆ لێکۆڵینەوە، وەك ئەوەی تاوانت کردبێ. بەڵام تۆ مسوور بووی لەسەر خەباتەکەت دژی نەژادپەرستی و نادادی و چەوساندنەوە.

تۆ مرۆڤێکی جیاواز بوویت، بووی بە پێشەنگ، یاخی بوونت لەناو ئەو پاسەدا دەنگی دایەوە لە هەموو جیهاندا، بێدەنگیت شکاند، تۆ بوێر بوویت، یاخی بوونەکەت رەوا بوو، بۆیە تەنانەت ئەو پاسەی کەتێدا یاخی بوویت ئەمرۆ لە مۆزەخانەدا بەرز راگیراوە.

لە تەمەنی 92 ساڵی ماڵئاواییت لێ کردین، بەڵام تۆ زیندووی نەمردووی، تەنانەت لە مەراسیمی تەرمەکەشتدا گەورەپیاوانی وڵاتەکەت (جۆرج بووش) ملی بۆ کەچ کردی چوونکە تۆ لەوان گەورەتر بووی.

هیوادارم لە نیمچە وڵاتەکەی ئێمەشدا لە (کوردستان) دەسەڵاتداران گوێ لە خەڵکانی خوار خۆیان رابگرن وە نەك یاخیبوانی رەوا بە دوژمنی خۆیان بزانن و سزای بدەن.

جەمیل شوانی/ دانمارك
jshwani@tiscali. dk

* رۆزا پارك لەدایکبووی ساڵی 1913 لە تاسکیگی، ئاڵباما، لە ئەمریکا. لە کاتی چەوساندنەوەی رەشپێستەکان لەلایەن سپیپێستەکانەوە، رەشپێست بۆی نەبوو تەنانەت لەناو پاسیشدا دابنیشێت تاوەکو سپیپێستێك بە پاوە بێت. بەڵام رۆزا پارك رۆژێك یاخی دەبێت شوێنەکەی خۆی نادات بە سپیپێستێك، ئیتر ئەمە دەبێتە کێشەیەکی گەورە لە ئەمریکا، رۆزا پارك دەبێتە نیشانەی خەباتی رەشپێستەکان.

رۆزا پارك لە بەرواری 25 / 10/ 2005 کۆچی دوایی کرد.

16:31 2-11-2005بەکاتی ناوەندی ئەوروپا

وێنەی رۆزا پارك و ئەو پاسەی کە تیایدا هەڵنەستایەوە بۆ سپیپێستێك و هەندێ وێنەی تر.





ئەو پاسەی کە رۆزا پارك تیای دانیشتبوو ئێستا لە مۆزەخانەیە






رۆزا پارك لە کاتی دەسبەسەراگرتنی لە لایەن پۆلیسەوە